# بانگەشەی جەنگ لە سێبەری کۆرۆنا

05-04-2020

### نووسەرەکان

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** هەشت گرووپی چەکداری شیعی لە عێراق[1]، کە خۆیان بە گرووپەکانی" موقاوەمە" ناوناوە، بەیاننامەیەکیان لە دژی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بڵاوکردووةتەوە و، ئەمریکایان بە داگیرکارێك وەسفکردووە کە تەنیا رێز لە زمانی زۆر دەگرێت.

زریان رۆژهەڵاتی |

هەشت گرووپی چەکداری شیعی لە عێراق[1]، کە خۆیان بە گرووپەکانی" موقاوەمە" ناوناوە، بەیاننامەیەکیان لە دژی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عیراق بڵاوکردووەتەوە و، ئەمریکایان بە داگیرکارێك وەسفکردووە کە تەنیا رێز لە زمانی زۆر دەگرێت. ئەم بەیاننامەیە لەبەرئەوە گرنگە کە دوای سەردانی فەرماندەی نوێی سوپای قودس بۆ عێراق و، بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی ئەگەری لێدانی کەتائیبی حیزبوڵڵایە لەلایەن ئەمریکا و دواتریش لێدوانەکەی سەرۆك ترەمپ لەبارەی ئامادەکاری ئێران و گرووپەکانی نزیك لەو بۆ هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا. لەوانەیە ئەمە یەکێك لە دوایین ئەڵقەکانی گرژی کرداری- گوفتاریی نێوان ئەمریکا و نەیارە شیعییەکانی بێت لە عێراق، بەڵام ئەستەمە ئەڵقەی کۆتایی بێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە چ روودەدات؟ بۆچی لەکاتی ئەم هەڵەوگێرییە جیهانییەی پەتای کۆرۆنادا، گرژییەکان لە عێراق زیاتر دەبن؟ ئایا ئەمە لە ئەنجامی هەڵەی هەڵسەنگاندنی لایەنەکانە بۆ هێزی یەکتر لەکاتی کۆرۆنا یان پاڵنەری دیکەی لە پشتە؟

ئامانجی سەرەکیی بەیاننامەکە، سیاسەتی نیوخۆیە. بە دیاریکراوی بۆ شکستپێهێنانی هەوڵەکانی زورفی یان ملکەچکردنیەتی بۆ لەبەرچاوگرتنی داواکارییەکانیان. لانیکەم لە ماوەی کورتخایەندا، نە ئەمریکا نە ئێران جەنگیان ناوێت، بەڵام گرووپەکانی "موقاوەمە" گرژییەکی کۆنترۆڵکراویان لەگەڵ ئەمریکا دەوێت.

**بەردەوامی بەریەککەوتنی سنووردار**

بەیاننامەی گرووپەکانی" موقاوەمە" بۆخۆی سەرەداوی ئەوەمان پێدەدەن کە لەوانەیە چ رووبدات. بەرلە هەموو شتێك لەرێی ئەو رستەیەی کە "ئەگەر بڕیاری رووبەڕووبونەوەتان بدەین، خاك و ئاسمانی عێراق دەکەینە دۆزەخ بۆتان"، ئەو پەیامە دەدات کە هێشتا بڕیاری دەستپێکردنی جەنگیان لە دژی ئەمریکا نەداوە و نایانەوێ ئەمریکاش وا تێبگات. هەڵبەت دەیانەوێت لەم کاتانەدا زیاتر لە خودی هێرش، هەڕەشەی ئەنجامدانی هێرش بەکاربێنن. پاڵپشتیکردنی گرووپەکانی حیزبوڵڵا و نوجەبا لە گرووپی هێرشکاری سەر بنکەی سەربازی تاجی لە 11ی ئاداری ئەمساڵ کە تێیدا دوو سەربازی ئەمریکی و سەربازێکی بەریتانی کوژران، لەگەڵ خاوەندارێتیکردنی بەرپرسیارێتي هیرشەکە لەلایەن گرووپێکی نەناسراو یان لانیکەم تازە راگەیێندراوەوە، نیشانەی ئەوەیە کە گرووپە شیعییەکان خوازیاری ئەوەن گرژییەکانیان لەگەڵ ئەمریکا بەشێوەیەکی سنووردار- کۆنترۆڵکراو بەردەوام بێت.

ئەوان گرژییان لەگەڵ ئەمریکا پێویستە، چونکە لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە واتایەکی وجودیی بۆ ئەوان هەیە و بۆ پاراستنی پێگەی خۆیان لە سیاسەتی نێوخۆیی عێراق بەکاریان دێت. لەوانەیە نەمانی ئەمریکا لە عێراق بە قازانجی ئەوان بێت، بەڵام ئەوان لەوە ریالیستترن کە بیانەوێت بە شەڕێکی فراوانی دەستەویەخە ئەو کارە بکەن. دەزانن لەڕووی سیاسی، سەربازی و ئابوورییەوە لة بةرژةوةندي ئةوان نابێت.

ئەگەر لە ئاستی دەرەکیشدا تەماشای بابەتەکە بکەین، ئێران بە چەند هۆکارێك لە دۆخێکدا نییە کە ئەوان بۆ شەڕێکی فراوان لە دژی ئەمریکا هانبدات. یەکەم ئەوەیە کە دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی، کاریگەریی ئێران لەسەر گرووپەکانی حەشدی شەعبی و سیاسەتی شیعی کەم بووە. بۆیە دەستپێکردنی شەڕێك کە ئەگەری لە کۆنترۆڵ دەرچوونی زۆرە، لەوانەیە بە قازانجی تاران نەبێت. بە پێچەوانەی سولەیمانی، فەرماندەی نوێی سوپای قودس کەسێکی کاریگەری فرەپێوەندی دەرناکەوێت. رێکنەکەوتنی لایەنە شیعییەکان لەسەر بەربژێرێك بۆ سەرۆکوەزیران، تەنانەت لایەنە شیعییەکانی نزیك لە ئێرانیش نیشانەیەکی ئاشکرای ئەو لاوازییەیە. ئەمە بۆ پرۆسەی دیاریکردنی کەسێك بۆ شوێنگرتنەوەی ئەبومەهدی موهەندیسیش هەر وابوو. دووەمیش ئەوەیە کە بەهۆی قەیرانی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوتەوە، ئابووری عێراق و ئێرانیش تووشی گرفتی جیدی بوون و ئەوەش وادەکات کە دەستبردن بۆ جەنگ لەم وەختانەدا زۆر بە قورسی بشکێتەوە. لەوانەیە هەبوونی گرژییەکی سنووردار، بۆ پەردەپۆشکردنی لاوازیی سیاسەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا و رێگرتن لە کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابووری، بە کەڵکی ئێران بێت، بەڵام جەنگی فراوان بە زیانی دەشکێتەوە. دۆخی ئابووری- سیاسی وایکردبوو کە تەنانەت بەر لە کۆرۆناش، ئێران سەرەڕای کوژرانی فەرماندەیەکی گرنگی سەربازیی خۆی لەلایەن ئەمریکاوە، شەڕ لە پێشچاو نەگرێت و تەنیا بە وەڵامدانەوەیەکی سنووردارەوە بوەستێت.

لە دۆخیکی وەك ئێستادا کە کۆرۆنا هەموو دنیای هەڵەوگێرکردووە و تەنانەت هەندێك لە دەوڵەتانیش داوای هەڵگرتنی گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر ئێران دەکەن، دوور لە چاوەڕوانییە کە ئەمریکا پەنا بۆ شەڕێکی فراوان لەگەڵ ئێران وهاوپەیمانەکانی لە عێراق بەرێت.

ئەو هەواڵانەی کە باس لە هەبوونی پلانێك بۆ لێدانی حیزبوڵڵا دەکەن لە عێراق، تازە نین. حیزبوڵڵا بڕبڕەی پشتی نفوزی ئێرانە لە عێراق. ڕۆڵی ناوچەیی هەیە و هەر لە ئەبومەهدی موهەندیسەوە بگرە تاوەکو کەسانی دوای ئەویش وەك ئەبوعەلی بەسری و ئەبوفدك کە ناویان بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو هاتووە، کەسانێکی سەر بە حیزبوڵڵان کە بە کردەوە جڵەوی دەسەڵاتی حەشدی شەعبییان بە دەستەوەیە. ئەمریکا پێشتر کەسێکی وەك ئەبومەهدی موهەندیسی کوشتووە و هەندێك لە بەرپرسانی حیزبوڵڵایشی لە لیستی تیرۆر داناوە. تەنانەت لە هەندیك شوێنیش بنکەو بارەگاکانی گرووپەکانی نزیك لە ئێران کراونەتە ئامانج. بەڵام ئەمە مانای ئامادەکاریی واشنتن بۆ جەنگێکی فراوان نییە وەك بەشێك لە بەرپرسانی ئێران و گرووپەکانی حەشد بانگەشەی بۆ دەکەن. هێڵە سوورەکەی سەرۆك ترەمپیش کە کوژرانی سەربازێکی ئەمریکی بوو، لە هێرشەکەی تاجی دا بەزێنرا، بەڵام ئەمریکا شەڕی نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا چۆڵکردنی هەندێك لە بنکە سەربازییەکان و هاوردنی سیستەمی بەرگری موشەکی بۆعێراق لەلایەن ئەمریکاوە، وەك ئامادەکارییەك بۆ جەنگ لە بەشێك لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوکرایەوە.

لەوانەیە دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی و ڕووداوەکانی دوای ئەو، ئەمریکا تەکتیکی کۆکردنەوەی هێز بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرگری گرتبێتەبەر. ئەمریکا لە 19ی ئادار لە قائیم و لە 26ی ئەو مانگە لە گەیارە و لە 29ی هەمان مانگیش لە کەی وەنی کەرکووك کشایەوە. ئەگەر تەماشای نەخشەی بڵاوبوونەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی[2] لەو شوێنانەش بکەین دەتوانین لە ئاستی ئەو هەڕەشە سەربازییە تێبگەین کە گرووپەکانی نزیك لە ئێران دەیانتوانی بۆ ئەمریکای دروستبکەن: لە قائیم  لانیکەم 9 بنکە و بارەگای گرووپەکانی حیزبوڵڵا، سەرایای خۆراسانی و کەتائیبی سەیدوشوهەدا هەن. لە گەیارە بنکە و بارەگای ڕێکخراوی بەدر، کەتائیبی ئیمام عەلی و کەتائیبی جوندولئیمام هەن. لە کەرکووکیش لانیکەم 19 بنکە و بارەگای بەدر، سەرایای خۆراسانی، کەتائیبی حیزبوڵڵا، کەتائیبی ئیمام عەلی و تەنانەت گرووپی نەناسراوی چەکدار هەن. لە مانگی 1ی ئەمساڵیشەوە تائێستا بەلانیکەم 14جارهێرشکراوەتە سەر بنکە و بارەگاکانی ئەمریکا لە عێراق. هێزی پەرش و بڵاویش توانای بەرگری کەمە و لەوانەیە ئەمەش هۆکاری سەرەکیی پشت چۆڵکردنی بنکە و بارەگا سەربازییەکان بێت.

**سیاسەتی نێوخۆ**

بەشی یەکەمی بەیاننامەکە زیاتر گوتنەوەی دروشمەکانی ڕابردووە لەگەڵ یاریکردن لەسەر هەستی دژە ئەمریکایی، بەڵام بەشی دووەمی بەیاننامەکە، کە دەتوانێ ئامانجە سەرەکییەکەش بێت، ڕەتکردنەوەی عەدنان زورفییە کە بە سیخوڕ هەژمارکراوە.

لە مانگی جانیوەری ئەمساڵدا، زۆربەی ئەو گرووپانە لە شاری قوم  لەگەڵ هادی عامری و موقتەدا سەدر کۆبوونەوەو باسیان لە پێکهێنانی بەرەی "موقاوەمە" کرد و ئێستاش ئەم بەیاننامەیە ناوی" موقاوەمەی" لەسەرە، بەڵام پەیجە بەنێوبانگەکەی موقتەدا سەدر بە ناوی "محەممەد ساڵح عێراقی" کە ئێستا پشتیوانی لە زورفی دەکات دژایەتی کردووە و ئەو بەیاننامەیەی بە هەوڵێك بۆ دەسکەوتی زیاتر ناوبردووە.

سەرەڕای ناڕەزایی گرووپەکانی نزیك لە ئێران، عەدنان زورفی هێشتا سوورە لەسەرئەوەی دوایین تەقەلاکانی خۆی بدات بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران. **ئەو، بە ڤێرژنێکی عێراقییانەی دروشمی "یەکەمجار ئەمریکا"ی سەرۆك ترەمپەوە بەرنامەی کاری خۆیشی بڵاوکردەوە.** ئەستەمە زورفی بتوانێ لانیکەم بە ساڵێك درووشمی "یەکەمجار عێراق" سەربخات. بەڵام گرفتەکەی تەنیا ئەوە نییە. لەوانەیە ئەو بتوانێ بە قەرزی نێوخۆیی یان وەرگرتنی پارە لە یەدەگی بانکی ناوەندی، بەشێوەی کاتی لە کاریگەرییە ئابوورییەکانی قەیرانی کۆرۆنا کەمبکاتەوە. بەڵام، دۆزینەوەی چارەسەری ریشەیی بۆ گرفتە بنیاتییەکانی ئابووری عێراق کاتی زیاتر لە ساڵێکی دەوێت. هەڵبژاردنێکی بێ ساختەکاري، بنبڕکردنی گەندەڵی وجێبەجێکردنی داواکارییەکانی خۆپیشاندەران لەگەڵ چارەسەرکردنی کێشەکاني نێوان هەرێمي کوردستان و بەغداش کە بەڵێنیداون، بابەتی کورتخایەن نین و مەودوایەکی زیاتریان دەوێت. زورفی هاوشێوەی کەسانی پێش خۆی، جەخت لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی مەرجەعییەت دەکات کە بۆخۆی دامەزراوەیەکی سەروو یاسایە. خاڵێکی دیکەش کە دووبارەکردنەوەیەکی پارادۆکسیکاڵانەی دروشمەکانی هەریەك لە عەبادی وعەبدولمەهدییە بۆ کۆکردنەوەی چەك لە دەستی دەوڵەت، ئەویش لەکاتێکدا کە پاڵپشتیی لە فرەهێزیی- چەکداریی دەکات!  کۆسپە بنەڕەتییەکانی جێبەجێکردنی بەرنامەکەی زورفی(دیارە ئەگەر ببێتە سەرۆکوەزیران) لە جێی خۆی، گەورەترین تەگەرەی بەردەمی، زیادبوونی گرژییەکانی نێوان گرووپە چەکدارەکانی نزیك لە ئێران و ئەمریکایە. زیادبوونی ئەم گرژییە دەتوانێت هەوڵەکانی زورفی بۆ دروستکردنی کابینەکەی یان درێژەپێدانی حکومەتە گریمانەییەکەی لەبارببات یان، ملکەچی داواکارییەکانی ئەو گرووپانە بێت.

**ئەنجام**

بە ئەگەری زۆر گرژییەکانی نێوان ئەو گرووپە شیعییانەی کە خۆیان بە" موقاوەمە" ناودەبەن لەگەڵ ئەمریکا بەردەوام دەبێت. بەڵام، ئەستەمە لە ماوەی کورتخایەندا ڕێگە بۆ شەڕێکی فراوان خۆشبکات. گرژییەکی سنووردار بە قازانجی ئێرانیشە، بەڵام هاندان بۆ

جەنگێکی فراوان بە زیانی دەشکێتەوە. بەتایبەتی کە ئەوان سووربوونی ئەمریکایان لە تۆڵەکردنەوە، لە کەیسی سولەیمانی-موهەندیس دا بینی. لەوانەیە ئەمریکاش دۆخی ئێستا بەکاربێنێ بۆ لاوازکردنی زیاتری گرووپەکانی نزیك لە ئێران، بەڵام لانیکەم لە ماوەی کورتخایەندا شەڕ لە قازانجی ئەویشدا نییە. بەشێوەی گشتیش، لەوانەیە بەردەوامی گرژییەکان، پاڵ بە ئەمریکاوە بنێت کە زیاتر لە کورد و سوننە نزیك بێتەوە. ئەمەش لە ماوەی کورتخایەندا لە دانوستاندنەکانی پێکهێنانی حکومەتدا بە قازانجی ئەوان دەشکێتەوە.

**سەرچاوەکان:**


[1] -عەسائیبی ئەهلی هەق، نوجەبا، کەتائیبی سەیدوشوهەدا، کەتائیبی ئیمام عەلی، حەرەکەی ئەوفیا، حەرەکەی جوندولئیمام، سەرایای عاشوورا و خۆراسانی.

[2] https://www.google.com/maps/d/viewer?mid=1KanwykNx7VkQUN52zNSmj6qxNL7IYwsr&ll=32.754608181685114%2C48.78839005917257&z=7